پـــارێزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [(SUL. G. (٣٠٠٦)] ساڵی ٢٠١٦

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (گشتی)

بۆ پڕۆژەی : - داگرتن و بارکردنی خۆراك لە سلیمانی و دەوروبەری.

پـــارێزگای سلێمانی بانگهێشتی گشتی بۆ سەرجەم کۆمپانیا و بەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـــەمکردنەوەیە با سەردانی بینای پـــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (٤٥٠,٠٠٠) چوار سەدو پەنجا هەزاردیناری عێراقی کە ناگەرێتەوە بۆ بەڵێندەر و کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٦/٠٥/٣٠) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (١٢/ ٢٠١٦/٠٦) لە کاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر (٢٠١٦/٠٦/١٣) تا کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ.

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی (١٤ / ٠٦ /٢٠١٦) کات ژمێر (٩) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٥- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە: (٣٦٥) سێ سەدو شەست و پێنج ڕۆژ (ڕۆژمێری)

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێوستە بەڵێندە لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات

٨- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(١) ی ٢٠١١ ،مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عێراقی بەشی (١و٢) بێت.

((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە تایبەت مەند بن لە (گواستنەوە ی خۆراك) وە مۆڵەتی گواستنەوەیان هەبێ کە لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن یان وەزارەتی بازرگانی و پێناسی ژووری بازرگانی و پیشەسازیان هەبێت مۆڵەتی بە سەرنەچوبێت .

٢- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن .

٣- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٤- بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) سی ملیۆن دینارەو بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١١٨) ڕۆژ پێشکەش دەکرێت.

٥- بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت . ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

٦- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

٧- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

سەردار قادر علی

جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری

٢٠١٦/٠٥/ ٢٠

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گەنجینەی /٢ سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- کۆمپانیای گشتی بازرگانی خۆراك – سلیمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب .گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ زانیاریتان .
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری / وەزارەتی دارایی و ئابوری بۆ ساڵی (٢٠١٦) .
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبە تمەند بەکاری بڵاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT.
- ب.تەکنەلۆجیای زانیاری.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەڕی www. slemani.gov.krd بکە .

کانیاو محمود			ئەورۆز رؤوف مستەفا
ئامادەکردنی بانگەواز	ئە. ئامادەکردنی تەندەر	ئە. چێکی تەندەر	ل. تەندەر
٢٠١٦/٥/٣٠	٥/٣٠	٢٠١٦/٥/٣٠	٢٠١٦/٥/٣٠